سودانی دەستپێشخەری (بەسمە) بۆ پێدانی قەرزی ئاسان بۆ ژنان ڕاگەیاند



ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سوودانی، دەستپێشخەری (بەسمە) بۆ پێدانی قەرزی ئاسان بۆ ژنان ڕاگەیاند.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران، لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی موتەبع کوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دەستپێشخەری (بەسمە)ی بۆ قەرزی ئاسان بۆ ژنان ڕاگەیاند، بەمەبەستی دامەزراندنی پڕۆژەی بچووك و ماموناوەند، بۆ هاوکاری لەگەڵ کەمئەندامانی بانکی نیشتمانی.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، سودانی ستایشی، هەوڵەکانی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە بەشداریان لە کارکردن بۆ دەستپێکردنی ئەم دەستپێشخەرییە نیشتمانییەدا کردووە بۆ بەهێزکردنی بەشداری ژنان لە ژیانی ئابووریدا و پشتگیریکردنی ئەوانەی سەرکیان لە پرسەی گۆشەگیرکردنی دەوڵەت و کەمئەندامدا، و جەختیشیکردەوە: کە حکومەت گرنگی بە کارتەکانی ژنان دەدات، و لە ماوەی چەندین بیارەوە، دیارترینیان پێکهێنانی ئینجومەنی باڵای ژنانە کە پێیامی گرنگیدان و هەماهەنگییە بە هەوڵەکانی دەوڵەت سەبارەت بە ژنان.

سەرۆك وەزیران ڕوونیشیکردەوە: حکومەت سوورە لەسەر بەهێزکردنی ئابووری ژنان، لە چوارچێوەی پلانەکانی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و دابینکردنی هەلی کار بۆ ژنان، و کارکردن لەسەر

چالاککردن و سپۆنسەرکردنی ئەو چالاکییانەی کە لە هەووی مادی و مەعنەویەوە پشتگیرییان دەکەن، و وتیشی: دەستپێشخەریی هیادە کە زیاتر لە (500) هەزار گەنجی کچ و کوڕی گرتەوە، کە ئەژمارەی ژنان تێیدا (27%)ی کەی داواکارانی پێکدەهێنا.

هەروەك سەرۆك وەزیران ستایشی، کەرتی تایبەت، بەتایبەتی بانکەکان، بە هەڵیان لە زەرەك لە دەستپێشخەرییەکان، لەوانەش دەستپێشخەری (بەسمە)، چونکە حکومەت جگە لە قەرزەکان، پلاتفۆرمی هاهێنان و پشتگیری و هاوڕکاری بە پرۆژە جیاوازەکان دابین دەکات.

لەکۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە: کە دەستپێشخەری (بەسمە) پەڕەی ژنانی هەمەچەشن دەگرێتەوە کە کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و تەکنەلۆژیا دەگرێتەوە، لەوانە پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی خۆراکی ناوماڵ، پڕۆژەکانی دووریین، بازرگانی بچووکی ئەلیکترۆنی، کشتوکاڵ، سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ژنان، باخچەی ساوایان، و بوارەکانی دیزاینی جیاواز، و دەستپێشخەرییەکە بەپێی مەرجە ئاسانەکان جەختە دەکرێت کە تایبەتمەندیی پڕۆژە بچووك و ماماوەندەکانی ژنان لەبەرچاو دەگرێت.